# دەرکەوتەی سیمای شێوەزاری جۆربەجۆری کوردی لە ڕشتەی مرواریدا

د. یەدوڵڵا پەشابادی
زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی کوردستان/ ئێران

**پوختە:**

عەلائەدین سەجادی وەکوو یەکێ لە کۆڵەکە ئەستوورەکانی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی، بە کۆکردنەوەی ڕشتەی مرواری گەنجینەیەکی تۆکمەی لە زمان، فەرهەنگ و کەلەپوور و ئەدەبی کوردیی پێک-هێناوە. لەم بەرهەمەدا بە پێی داکەوتی دنیای کەسایەتییەکان ڕەنگ و بۆن و شێوە و سیمای تێکڕای خەڵکی کورد دەبینینەوە. ڕشتەی مرواری وەکوو باخچەیەک دەنوێنێت کە لە زۆرینەی چین و تاقمی خەڵکی کورد ئەندامی تێدا هەیە. گرنگترین نیشانەی ئەم حوزووره لەم بەرهەمەدا لە ئەدەبی شێوەزارەکاندا دەردەکەوێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر شێوازی خوێندنەوەی شیکارانە دەیهەوێ بنەما و دەرکەوتەکانی ئەم شێوەزارانە و دەوریان لە پێکهێنانی تێکڕای سیمای ئەدەبی کوردی لەم بەرهەمەدا لێکبداتەوە. کۆی بابەت ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم بەرهەمە گەلەک سیمای بێخەوش و بێخڵتی زمان و ئەدەبی کوردیی بۆ پاراستوین. هونەری عەلائەدین سەجادی لە ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی ئەدیبانەی دەقەکاندایە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *عەلائەدین سەجادی، ڕشتەی مرواری، ئەدەبی فۆلکلۆر، شێوەزار.*

## ١- پێشەکی:

***ڕشتەی مرواری*** وەکوو یەکێ لە گرنگترین بەرهەمەکانی عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) و هەروەها یەکێ لە بەرهەمە پێشەنگەکانی بواری خۆی لە ئەدەبی کوردیدا دێتە ئەژمار. ئەم ئەدیب و نووسەر و مێژووی‌ئەدەب‌نووسە هەوڵی‌داوە گەلەک قسەی نەستەق و نەزیلە و ڕاز و سەرگوروشتەی کۆنینە کە بە درێژایی ڕۆژگاران لە زەین و مێشکی گەلدا چەقی‌بەستبووە، بهێنێتە سەر کاغەز و تۆماریان بکات. ئەم کارەی لە زاتی خۆیدا ئەرکێکی گران و پڕبایەخە و ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی زۆر پێویستی بە کاری لەم چەشنە و درێژەدانێتی. ئەم بەرهەمە لێوڕێژی قسەی خۆش و نوکتەیە؛ نوکتەش بێ-گومان«بەشێکی گرنگ و زیندووی کەلتووری هەر نەتەوەیەک پێکدەهێنێت» (بەرزەوەند،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢٠١٣: ٣)؛ ئەدەبی کوردیش سامانێکی زۆری لەم بەشە زیندووەی تێدایە کە بەداخەوە زۆر کەمی هاتۆتەنووسین.

### ١-١. شرۆڤەی بابەت:

ئەم وتارە تێدەکۆشێ چوارچێوە و شێوازی کاری عەلائەدین سەجادی لە تۆمارکردنی ئەم بەرهەمەدا و ڕادە و چەشن و ئاستەکانی حوزووری شێوەزاری جۆربەجۆری کوردی شیبکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی لەم توێژینەوەیە لە لایەکەوە گەیشتن بە ڕێباز و ناسینەوەی شێوەی کاری عەلائەدین سەجادییە و لە لایەکی تریشەوە وەدەرخستنی ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی شێوەزارە کوردییەکانە لە قۆناغێکی مێژووییدا. بۆیە خستنەبەر دەستی سیمایەک لە ڕادە و چەندێتی و جۆربەجۆرێتیی شێوەزارەکانی نێو *ڕشتەی مرواری* و پۆلێنبەندیکردنیان و لێکدانەوەی چەندڕەهەندەیان و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان، چوارچێوەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت.

### ١-٢. پێشینەی لێکۆڵینەوە:

لە بەستێنی لێکۆڵینەوەی ئاکادێمیکدا بەداخەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە لەسەر ئەم بابەتە بەدینەکرێ. گەرچی جێگەوپێگەی عەلائەدین سەجادی بەتایبەت بە بۆنەی کتێبی ***مێژووی ئەدەبی کوردی***یەکەیەوە زۆر دیار و بەرچاوە و بینراوە و جێگای شیاوی خۆی پێدراوە، بەڵام سەبارەت بە *ڕشتەی مرواری* کارێکی زانستیی ئەوتۆ نەدۆزراوەتەوە. گرنگترین سەرچاوەیەک کە پوختوپاراو باسی ئەم ئەدیبەی کردبێ، *مێژووی ئەدەبی کوردی* (٢٠٠٦)ی مارف خەزنەدارە کە باسێکی بۆ تەرخان کردووە. خەزنەدار لە باسی نووسەرێتیی عەلائەدین سەجادیدا بەتایبەتی باسی ***ڕشتەی مرواری***ی کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە نووسەر ئەم بەرهەمەی بە زمانێکی میللیی سەرزار وەکوو بەرهەمێکی فۆلکلۆر تۆمار کردووە (هەمان: ٥٧). خەزنەدار هەروەها ئەم بەرهەمە بە شانازیی ئەدەبی کوردی دەزانێ (هەمان). هەندێ سەرچاوەی وەکوو *نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا* لە حوسێن عارف (٢٠١١) چاوەڕوان دەکرا کورتەئاماژەیەکیش بەم باسەی تێدا ببایەت. ڕەئووف عوسمان (٢٠١١) لە کتێبی *ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی*دا باسێکی تەرخان کردووە بۆ وتارێکی عەلائەدین سەجادی کە گەرچی هەندێ دوورە لەم باسەی ئێمە، بەڵام وەکوو پێشینەیەک سەبارەت بەم ئەدیبە دێتە ئەژمار.لە کتێبی ڕخنەگرانەی *هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا* لە چەند شوێنێکیدا(حەسەن، ٢٠٠٥: ١١٠، ١١٥ و ١١٧) ئاوڕێک لە نووسینە چیرۆکییەکانی عەلائەدین سەجادی دراوەتەوە. نووسەر لەو باسەیدا ئاماژەی بە کارتێکەریی ئەدەب و فەرهەنگی عەرەبی بە سەر عەلائەدین سەجادییەوە کردووە.هەر ئەم کەمایەسییەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتی ئەم وتارەدا هەستدەکرێ، گرنگی و پێویستێتیی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی دووچەندان کردۆتەوە.

### ١-٣. ئامانج و شێوەی لێکۆڵینەوە:

وەک باس کرا، ئامانجی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە خستنە پێش چاو و دیاری کردنی سیمای شێوەزارە کوردییەکانە لە کتێبی ***ڕشتەی مرواری***دا. لێکدانەوە و ناسینەوەی تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەم کتێبە و دەمڕاوێژی جۆربەجۆر کە سەجادی تۆماری کردووە، لە تەوەرەکانی باسەکەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی تەوسیفی-شیکاری ئەنجام دەدرێت.

### ١-٤. عەلائەدین سەجادی و *ڕشتەی مرواری*

بێگومان عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) - زادەی گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە (خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٥٥/٧)- یەکێ لە گرنگترین کەسایەتییەکانی ئەدەبی کوردییە؛ بەتایبەت لە باری لێکۆڵینەوە و ڕادەستکردنی زانستە ئەدەبییەکانەوە. سەجادی وێڕای دامەزرانی بەشی ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩ وەکوو مامۆستای ئەو بەشە ئەرکی نواندووە (کۆمەڵە وتاری کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان: ٢٠٢١). هەژار (٢٠٠٧: ٤٦٨) وەکوو یەکێ لە ئەندامانی بنەڕەتیی کۆڕی زانیاریی کورد و خاوەنی چەندین بەرهەم ناوی بردووە. ئەم ئەدیبە لە پێشخستن و پێگەیاندنی پەخشانی کوردیدا و هەروەها لە جێخستنی لێکۆڵینەوەی زانستییانە بە زمانی کوردیدا دەورێکی گرنگی بووە (بۆ نموونە بڕواننە: سەجادی، ٢٠٠٠ و هەروەها: هەر ئەو، ٢٠١٨). لەنووسیندا شێوەیەکی نوێی گرتووەتەبەرو لە هەندێ بابەتی نووسیندا بە داهێنەر دەژمێردرێت (هەژار، ٢٠٠٧: ٤٦٨). بەرهەمەکانی سەجادی چەند بوار دەگرنەوە کە گرنگترینیان بریتییە لە مێژووی ئەدەب، فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وڕەوانبێژی. سەجادی لە نووسینی چیرۆک و یادداشت و بابەتی بەکەڵکدا باڵادەست بووە و هەوڵیداوە خەڵک ئاگادار بکاتەوە (گەنجەیی: ٢٠١٦). لەم نێوەدا ***ڕشتەی مرواری*** کە دەکەوێتە خانەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییەوە بە بۆنەی ڕزگارکردنی سامانێکی نەتەوەیی لە فەوتان بایەخێکی کەموێنەی هەیە و بێگومان یەکێ لە گرنگترین بەرهەمەکانێتی. ئەم بەرهەمە لە هەشت بەشدا پێشکەش کراوە کە بە شێوەی جیاجیا و هەروەها یەکجێش لە یەک بەرگدا چەندین جار لە چاپ دراوە. سەجادی بە گەڕان و پشکنین و دواندنی کەسانی جۆربەجۆر کە لە خەڵکانی زۆربەی ناوچە کوردییەکانیان تێدایە، ئەم بەرهەمەی کۆکردۆتەوە (بڕوانە: سەجادی، ٢٠١٥: ١٦٣/١). ئەڵبەت بە بەڵاوبوونەوە و ناسرانی کارەکەی، زۆر کەسی تر بابەتی لەم چەشنەیان بۆ ناردووە و ئەو بە ڕاگرتنی ئەمانەت تۆماری کردوون. هەژار لە ***چێشتی مجێور***ەکەیدا ئاوڕێکی لێ-



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

داوەتەوە و دانی بە هەبوونی قسەی نەستەق و نەزیلە و گاڵتەجاڕەکانیدا ناوە (هەژار، ٢٠٠٧: ٣٥). لە ڕۆژگارانی دواتردا کەسانی وەکوو حەجیێ جندی (٢٠٠٨) و فەقێ شێخ وەسانی (٢٠١٥) و ئیبراهیم ئەحمەدی (١٣٩٩) گۆشەگەلێک لە ئەدەبی فۆلکلۆریان لە فەوتان ڕزگارکردووە.

## ٢- تەوەری باس

### ٢-١. چوارچێوەی کاری عەلائەدین سەجادی لە *ڕشتەی مرواری*دا:

عەلائەدین سەجادی ئەم بەرهەمەی لە هەشت بەشدا پێشکەش کردووە. ڕواڵەتی کار زنجیرەییبوونی بەرهەمەکە پیشاندەدات. هەر بەرگێکی ئەم کتێبە بە سەر چەند بەشدا دابەشکراوە و بۆ هەر بەشێک ناونیشانێک تەرخانکراوە. هەندێ لە ناونیشانەکان لە چەند بەرگدا دووپاتکراونەتەوە. هەڵبژاردنی ناونیشانی هەر بەش بە لێکدانەوەی بابەتەکانی ئەو بەشە، تا ڕادەیەک هەبوونی پلانێکی لەپێشداڕێژراو بۆ بەرهەمەکە دەسەلمێنێت؛ گەرچی تاکوتەرا لە تەوەری بابەتی ناونیشانەکە دوور دەکەوێتەوە.

### ٢-٢. شێوەزاری کوردی لە *ڕشتەی مرواری*دا:

عەلائەدین سەجادی هەوڵیداوە هەر بابەت و نەزیلە و قسەیەک کە تۆماری دەکات، ئەگەر وتوویژ و دەمەوڕاوێژێکی تایبەتی تێدایە، بە هەمان شێوەی خۆی تۆماری بکات و هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهێنێ. بەو واتایە هەوڵیداوە ڕاستەوڕاست بە هەر شێوەزار و بنزار و بە هەر دەمەوڕاوێژێک بە گوێی گەیشتووە، بەو شێوەیە بینووسێتەوە و تۆماری بکات؛ گەرچی خۆی (٢٠٠٠: ٣) پێی وایە کە گێڕانەوەی زاربەزاریدەبێتە هۆی گۆڕان و تێکەوتنی کەم-وزیادی لە بابەت و دەقی گێڕانەوەکەدا.

لێرە دەبێ پەنجە بۆ خاڵێکی گرنگ ڕاکێشین کە لە کاری سەجادیدا بەدی-دەکرێ؛ ئەویش ئەوەیە کە عەلائەدین سەجادی خۆی هۆشی بە لای زاراوە و شێوەزارە کوردییەکانەوە بووە و وەکوو تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی درکی پێکردووە؛ بۆ نموونە لە بەرگی ٤ (سەجادی، ٢٠١٥: ١٢٣/٤)دا دەڵێ: «دێی سێ‌گرتکان هەر لەو وڵاتی کۆیە، ئەمانە زۆرتر شێوەی قسەکردنیان ئەچێتەوە سەر هەمەوەن». سەجادی (٢٠١٥: ١٦٣/١) هەروەها ئاماژەی بە بەوە داوە کە لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین بۆ کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمە کۆمەڵێ «وشەی کوردیی پەتی»ی ڕادەستکردووە. زمانی ئەم کارە سامانێکی بەنرخی لە شێوەزارەکانی کوردیی ڕاگرتووە و پاراستوویە. لەم بەرهەمەدا نووسەر کەڵکەڵەی زمانی ئەدەبی و زمانی نووسینی و زمانی پێوەری خستۆتە لاوە و شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی گرتۆتە بەر.بۆیە دەبینین ئەندام لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەندین ناوچە و عەشرەت و هۆز و تاقمی کۆمەڵگای کوردی لەم بەرهەمەدا هەر یەک بە زاری خۆی، ئامادەیە و سیمای شێوەزاری خۆی تێدا دەبینێتەوە. یەکێ لە ڕەهەندەکانی گرنگیی ئەم بەرهەمە لێرەدایە.

## ٢-٣. چەندێتیی شێوەزارە کوردییەکان لە *ڕشتەی مرواری*دا:

ئەو شێوەزارانەی لە ڕشتەی مرواریدا دەرکەوتوون و دەقێکیان پێ تۆمار کراوە، بریتین لە: ئەردەڵانی، هەولێری، جافی، شارەزووری و موکریانی لە ژێرلقەکانی کرمانجیی ناوەڕاست؛ کرمانجیی سەروو، هەورامی و گۆرانی. بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکە شێوازێکی زانستییانەی هەبێ، لە ژێر ناونیشانی لقەکانی کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی سەروو، کرمانجیی خواروو، هەورامی و گۆرانیدا بابەتەکان پۆلێنبەندی دەکەینەوە.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە نووسەر کتێبەکەی بە زمانی کرمانجیی ناوەڕاست نووسیوەتەوە. بۆیە تەوەری باسەکان و ئەوەی دەقی زۆرینەی کتێبەکەیە بەم شێوەزارە نووسراوە. شێوەزارەکانی تر زۆرتر لە دوو توێی وتووێژدا و یا بە شێوەی دەقێکی وەرگیراو دەرکەوتووە.بەڵام تایبەتمەندییەکی گرنگ لە کارەکەیدا بەر چاو دەکەوێت؛ ئەویش ئەوەیە کە درێژەداربوون و تێکئاڵانی گێڕانەوەکان وێڕای زۆربوونیان، لەوانەیە بەرەو ئەو باوەڕەمان بەرن کە خودی عەلائەدین سەجادیش کە زمانی بنەڕەتیی کتێبەکەی لەسەر کرمانجیی ناوەڕاست دامەزراندووە، هەندێ جار تێکەڵی کردوون و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو شێوەزارەوە کە لە دوو توێی وتووێژەکاندا دەکەوێتە نێو دەقەکەوە؛ بۆ نموونە کاتێ باسێک دەگێڕێتەوە کە کەسایەتییەکی کرمانجیی سەرووی تێدایە، دیارە قسەکان هەر بەو زارە گواستراوەتەوە؛ ئەو شوێنەی کە لە دۆخی ئاساییدا سەجادی بە کرمانجیی ناوەڕاست دەینووسی، کردوویەتە کرمانجیی باکوور: «... لە بەرزان هەندێ کەس هەڵئەپەڕین؛ مەلایەکیش چوو سەرچۆپییەکەی لە دەست وەرگرتن؛ خەڵکەکە وتیان: ئەزبەنی ئەم فەلەهین!؟ تۆ بۆچی داوەتێ لگەل مە تکێ؟ مەلا وتی: هوون فەلەهن ئەژک قەشێ وە! **وان گوتن:** ئەزبەنی چ دبێژی؟ تۆ پێغەمبەری مەیی، نە قەشەیی. **گوت**: ئەز نشێم شەفاعەتا وا حەما بکەم، ئەز قەشەمە!...» (سەجادی، ٢٠١٥: ١٦/٢).

ئەو بەشەی «وان گوتن»و «گوت» کە نووسینی خودی سەجادییە، دەبوو لەسەر چوارچێوەی زمانی بنەڕەتیی کتێبەکە ببایەن و بیگوتایە: «ئەوان گوتیان» و «گوتی». بە گشتی هەندێ جار زارەکانی تریش دەکەونە نێو چوارچێوەی زمانی گێڕانەوەکە و زۆرێک لە بابەتەکەی پێ دەنووسرێتەوە.

### ٢-٤. کرمانجیی ناوەڕاست

هەروەک ئاماژەمان پێدا بنەمای زمانی نووسینیی *ڕشتەی مرواری* زمانی کرمانجیی ناوەڕاستە کە عەلائەدین سەجادی لە سەرجەمی بەرهەمەکەیدا بەکاریهێناوە. لە بەرهەمی بەرباسدا ئەم زمانە تەوەر و کۆڵەکەی سەرەکیی خانەی زمانی نووسینەکەی پێکهێناوە. نموونەی ئەم زمانە لە چەند شوێندا بەر چاو دەکەوێ:

#### ٢-٤-١- لە سەرەتاکاندا

یەکەم لە دەسپێک و سەرەتا و پێشەکییەکاندا؛ وەک لە «سەرەتا»ی بەرگی یەکەمدا دەنووسێت: «گێتیی ئەدەب، گێتییەکی فراوانە؛ نامەوێ لەوە بدوێم. ئەگەر یەکێک ویستی بە پوختی لێی تێبگا، تەماشای کتێبی *مێژووی ئەدەبی کوردی‌ی* عەلائەدین سەجادی بکا» (سەجادی، ٢٠١٥: ٥/١). لێرە دەبینین کە بە زمانێکی ئەدیبانە و فەرمی، هەروەکوو زمانی نووسینی ئەو بەرهەمەکانی تری دەنووسێت. خۆیشی بە سێهەم کەسی تاک ناودەبات. لەم بەشەدا تایبەتمەندیی زمانە ئەدەبییە فەرمییەکەی بە تەواوەتی ڕاگرتووە. ئەم سەرەتایە لە هەموو هەشت بەرگەکەدا بەدی‌دەکرێت و لە هەر کامیدا بە پێی پێویست باسێکی نووسیوە.

#### ٢-٤-٢- لە نێوەندی گێڕانەوەکاندا

دووهەم لە نێوەندی گێڕانەوەکانیدایە؛ وەکوو: «کابرایەکی کورد ڕۆژێک لەو شارەزوورەوە تای لێ‌هاتبوو. ڕۆژەکە زۆر گەرم بوو. هەر چەند داوای ئاوی دەکرد، ئاوی ساردی دەست نەدەکەوت. ئاوی گەرمیان ئەدایە و هیچ هەوایەکی فێنکیشی نەئەدی. ئەوندە هەبوو شاخی هەورامان لە دوورەوە دیار بوو...» (سەجادی، ٢٠١٥: ٨٩/١). نموونەی ئەم بابەتە زۆرە و لە سەرتاپای بەرهەمەکەدا دەبینرێت.

#### ٢-٤-٣- لە پاشەکییەکاندا

ئەم بەرهەمە لە هەندێ بەرگیدا پاشەکییەکی بۆ دانراوە؛ وەکوو لە بەرگی دووهەمدا دەبینین کە نووسەر لە ژێر نانیشانی «دوایی»دا باسێکی کورتی هێناوە. لێرەدا فەرموویە: «ئەوا بەرگی دووهەمی ***ڕشتەی مرواری*** لە ژێر چاپ دەرچوو، کەوتە بەر دەست خوێندەوارانەوە. من ماوەیەکی چەند ساڵییە لەگەڵ ئەم کتێبە خەریکم ...» (سەجادی، ٢٠١٥: ١٥٨/٢ ).سەبارەت بە ئەوەی لەم سێ تەوەرەدا دەیبینین، دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی بەشەکانی ئەم کتێبە بەم شێوازە و بەم شێوەزار و دەمەوڕاوێژە نووسراوەتەوە کە تایبەتمەندیی سەرەکیی زمانی نووسینەکانی عەلائەدین سەجادییە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**٢-٤-٤- ئەردەڵانی (سنەیی)**

یەکێ لەو شێوەزارانەی بارستاییەکی زۆری لە کتێبی ***ڕشتەی مرواری***دا داگیر کردووە، شێوەزاری ئەردەڵانی یا سنەییە. لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی ئەم شێوەزارە گۆڕانی پیتی «ب» بۆ «و» و «و/وو»ی نێو دۆخی گەردانی کردارەکانە بۆ «گ»؛ وەکوو چۆن «دیوە» دەبێتە «دیگە»؛ بۆ نموونە: «سەی سەقا و باڵانتەران گوێیان پێوە **وێ**، گوێی دوژمن کەڕ **وێ** و چاوی گشت وردەشاتری و گەڵایی کوێر **وێ**!... ڕوانیم **پیاگێکیرپیش-چەرمگی** نوورانی لە سەر بەردەکەی مەحموود گاوانی لێ **هەڵاژیاگە**» (سەجادی، ٢٠١٥: ٢٣/١). لەم نموونەیەدا جگە لە جێگۆڕکێی «و» و «ب» بۆ «گ» لەو وشەگەلەدا کە دیاری کراون، هاتنی وشەی «گشت» ئەو ئەدگارەی شێوەزاری ئەدەڵانی زیاتر دەچەسپێنێت. هەروەها وەکوو: «... پاشا! من ماستم **هاوردگە** توێژی **نەشکیاگە**، گەردی لێ **نەنیشتگە**...» (سەجادی، ٢٠١٥: ١٠٥/١).

لە نموونەیەکی تردا هەندێ تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەردەڵانی دەبینین: «پیاوێک هەبوو لە سنە مەولووی ناو بوو؛ دراوسێیەکیان هەبوو ئائەسکەری ناو بوو. ئائەسکەر لەوانە بوو چەوری ئەدا لە سمێڵی و ئەیوت: چێشتەکەمان چەور بوو. بە دەمیشیەوە قورقێنەی درۆزنەی لێ‌ئەدا. ڕۆژێک مەولوو سەبەتەیەک سێفزەوینیی ئەبردەوە بۆ ماڵەوە. ئەبوایە بە بەر دەرگای ماڵی ئائەسکەریشا بچوایەتەوە. نەیئەویست ئائەسکەر بەمە بزانێ. سەری سەبەتەکەی داپۆشیبوو. کە بەوێدا تێپەڕی ئائەسکەر لە بەر دەرگادا وەستابوو. لێی پرسی: مەولوو ئەوە چەس لە ناو ئەو سەوەتەدا داتپۆشیگە؟ مەولوویش ئەڵێ: ئائەسکەر ئەوە ئەو چتەسە کە گەرەکمە ئێوە نەزانن چەس» (هەمان: ١٠٨/٥). هاتنی «چەس» لەم گێڕانەوەیەدا هەڵگری ئەدگارێکی ئەردەڵانییە. هەروەها خاڵێکی تر کە لێرە دەرکەوتووە ئەوەیە کەلەم گێڕانەوەیەدا ئەدگاری کارتێکراوێتیی عەلائەدین سەجادی هەست دەکرێ؛ لەوەیدا کە لە ئەدەڵانیدا پیتی «دا» لە کۆتایی وشەکاندا بەکارناگیردرێ و زۆرتر «دال»ەکەی دەسوێ و هەر «ا» بێژەدەکرێت.

یەکێ تر لە تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری ئەردەڵانی ڕەچاوکردنی جیاوازیی نێوانی «بوون: بودن» و «بوون: شدن»ە. بەم شرۆڤەیە کە یەکەمیان پیتی «ب»ەکەی بە ساغی دەمێنێتەوە، کەچی دووهەمیان لە گەرداندا «ب»کەی دەبێ بە«و»؛ وەکوو: «کە چووم بۆ حەج لەو دەشتی عەرەبستانە غەزمەوێکی خوایان هاورد و ناویان نا حوشتر.... حوشتر **نەو** تاوێرێک **وو**، ملێکی پێچوقەمچ؛ ئەو ساڵە چووبوومە دیوەخانەکەی سەی ئەحمەدی بابەڕەسووڵ لە سلێمانی شتێکیان بۆ هاورد پێیان ئەوت نێرگەلە؛ شتێکی پێچپێچی پێوەبوو ئەتوت سوجەماری شارەزوورە.... ملی ئەو حوشترەش لەو مارپێچە ئەچوو... هەر ئەوندە بەرز **وو** ئەتوت چوار هەسوونت خستگەسە سەر یەک...» (هەمان: ٥٦/٥)؛ لەم گێڕانەوەیەدا «نەو» لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جێی «نەبوو»، «تاوێرێک وو» لە جێی «تاوێرێک بوو»، «بەرز وو» لە جێی «بەرز بوو» هاتوون؛ لە هەمان حاڵدا دەبینین کە لە «پێوەبوو»دا «ب»ەکە وەک خۆی بە ساغی ماوەتەوە. (هەروەها بۆ سنەیی برووانە: ٥١/٥، ٤٦/٥).

ئەدگارێکی تر لە ئەم بابەتەدا ئەوەیە کە لە بەیت و گۆرانی فۆلکلۆریشدا ئەم دابەشکارییە شێوەزارییە بەر چاو دەکەوێ؛ وەک ئەم بەیتە: «ماڵەوە ماڵیە وەک مانگای چڵێس/زوڵفی لوول داگە وەک پەتکە گوریس» (سەجادی، ٢٠١٥: ٧٦/٢). (بۆ نموونەی زۆرتری ئەردەڵانی بڕوانە: هەمان: ٨٣/٤).«پیاوێک هەبوو لە سنە مەولووی ناو بوو؛ نەخۆش ئەکەوێ ئەچێتە لای حەکیم برایم. حەکیم برایم پسووڵەی بۆ ئەنووسێ بۆ لای سەید شەریفی دەوافرۆش بۆ دەرمان. مەولوو ئەچێ دەرمانەکە ئەکڕێ، بەڵام نایخوا. پاشان ئەچێتەوە بۆ لای حەکیم برایم و ئەڵێ چاک نەبوومەتەوە. ئەویش ئەڵێ: دەرمانەکەت خوارد؟ ئەڵێ: نە و ئەڵێ: سەندیشت؟ ئەڵێ: بەڵێ! ئەڵێ ئەی بۆچ نەتخوارد؟ ئەڵێ: حەکیم برایم! تۆ پووڵت خەرج کردگە تا **بووگی** بە حەکیم؛ ئەشێ **زیننەگانی** بکەی، ئاغای سەی شەریفی **دەوافرۆشیچ** پووڵێ سەرف **کردگە** تا **بووگە** بەو دەوافرۆشە، **ئەیچێئەشێزیننەگانی** بکات، **منیچ** پووڵم **داگە** بە دەواکە و **نەمخواردگە** گەرەکمە بمێنم **زیننەگانی** بکەم!»؛ لەم گێڕانەوەیەدا جگە لە دەمڕاوێژی تایبەتی ئەردەڵانی، ئەو وشانەی کە پڕڕەنگکراونەتەوە نیشانە و تایبەتمەندیی ئەم شێوەزارەیان پێوەیە؛ لە هاتنی «گ»، «یچ» لە جێی «یش»، «ئەشێ» لە جێی «ئەبێ» و شێوەی تایبەتی دەربڕینی «زیننەگانی». (بۆ نموونەی زێدەتری ئەم بابەتە بڕوانە: هەمان: ٦٥/٦، ١٠٧).

**٢-٤-٥- هەولێری**

لە گرنگترین دیاردەکانی شێوەزاری هەولێری بەکارهێنانی «لۆ» لە جێی «بۆ» و جێگۆڕکێی «ر» سووک و «لام»ی قەڵەوە. لە نووسینی شێرزاد حەسەنیشدا ئەم ئەدگارە بەدیدەکرێ؛ وەکوو: «با **لۆ** دوا جار چاوم پێی بکەوێ» (حەسەن، ٢٠٠٥: ١٤٢/٢؛ هەروەها بڕوانە: هەمان: ٢١٧/٢، ٢١٩). لە *ڕشتەی مرواری*دا وەکوو: «سەید کە سەیر ئەکا قاقەزەکەی هەڵپچڕاوە، پێێ ئەڵێ: **لۆ** ئەم قاقەزەت هەڵپچڕیوە؟ ئەویش پێی ئەڵێ: تۆ خۆت ئەزانی من نەخوێندەوارم، پۆستەچییەکە هێنای بۆ من و منیش ناوم سەی عەولقادرە، لام وابوو هی منە، دام بە یەکێ بۆی خوێندمەوە، پاشان زانیم هی من نییە و هی تۆیە ئیتر من چووزانم. ئەویش ئەڵێ: **کوو** نازانیت مردیت مریێ؟! تۆ نابێ **ئەقرت** ببێ ئاخر **کوولۆ** تۆ دەنووسن «مەولانا» تۆ کەی مەولانا بوویتە؟» (سەجادی، ٢٠١٥: ٦٢/٣)؛ ئەوی ئەدگاری هەولێری بێ لەم گێڕانەوەیەدا لە «لۆ»، «کوو»، «ئەقر» لە جێی «بۆ»، «چۆن» و «ئەقڵ»دا دەرکەوتووە. هەروەها وەکوو: «لەو کاتەدا کرمانجێ هەبوو ناوی عەزیز بوو، هات بە سەرا و سەیری کرد



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مامۆستا زۆر عاجزه به دەست ئەفەندییەکەوە. وتی مامۆستا ئەوە **لۆ** وا **حاجزی**؟ وتی: وەڵڵا **حەزیز** ئەم ئەفەندییە شڕی کردیمە. وتی: **لۆ**؟ وتی پرسیارێکی وای لێ کردیمە نایزانم و ئەویش **دەرێ** من دەیزانم...» (هەمان: ١٠٧/٥)؛ لێرەش جگە لە «لۆ: بۆ»، هاتنی «ح» لە جێی «ع» و گەردانی تایبەتی کردارەکان لە چەشنی «کردیمە» لە جێی «کردووم»، و هاتنی «دەرێم» لە جێی «دەڵێم» لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەیە. لە شوێنێکی تردا هاتووە: «... جا ئەم مام وسوویە هەروەخت تووشی مەلا عەبدوڵڵا ئەبوو ئەیوت: مامۆستا قسەیەکم هەیە **بیرێم** یا **نەیرێم**؟ ئەویش ئەیوت: **بیرێ**...» (هەمان: ٨٠/٤)؛ لێرە دەبینین کە «ر» سووک لە جێی «لام»ی قەڵەو نیشتووە. هەروەها: «خزمە! نابێ نا! **کوو** غەیرە دەچنە سەر مانگ و دەچنە ڕۆخی!؟ مانگ نووری خودایە، لە ژوور چوار ئاسمانانە، خوا **کوو** نووری موبارەکی خۆی بەم کافر و زەندیقانە پیس دەکا؟ ئەوی باوەڕیشی پێیان هەبێت **بەحەشتی** بە چاوی خۆی نابینێ، ئەوە هەمموو **فرتوفێرە** ئەم فەرمەسۆنانە **دایاننایتەوە** بۆ وەرگێڕانی **خەرکی**... ئای هاوارم! **ماری** وێرانم! ...» (هەمان: ٤٦/٧)؛ لەم دەقەدا چەندین ئەدگاری شێوەزاری هەولێری وەکوو هاتنی «کوو» لە جێی «چۆن»، «ح» لە جێی «هـ» (لە بەحەشت)، «ر» سووک لە جێی «لام»ی قەڵەو (لە فرتوفێر، ماری وێرانم) ، شێوەگەردانی تایبەتی کردارەکان وەکوو «نایتەوە» لە جێی «ناوەتەوە» دەرکەوتووە.

### ٢-٤-٦- جافی و شارەزووری(هەڵەبجە-جوانڕۆ)

ئەم شێوەزارە لە ڕاستیدا ژێرلقێکی ئەدەڵانییە و بە دەمەوڕاوێژ جوێ دەکرێتەوە. لە باسێکی سەر بە وەسمان پاشای جافدا سەجادی ئاوای گێڕاوەتەوە:«... سلێمان! ئەم ماستە لە بنەوە کێ خواردوویە؟ ئەڵێ: پاشا! من ماستم هاوردگە توێژی نەشکیاگە، گەردی لێ نەنیشتگە. پاشا ئەڵێ: ڕاست **یێژی** توێژی ها وە سەرەوە، لە شوێن خۆی، بەڵام لێشی خورياگە، بڕوانە تەپیگە!» (هەمان: ١٠٥/١)؛ جگە لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەم شێوەزارە کە لە «گ»کاندا دەردەکەوێ، لەم شێوەزارەدا بە شێوەیەکی تایبەت «یێژی» دەنیشێتە جێی «ئێژی». هەروەها لەم شێوەزارەدا کرداری لە چەشنی «نووسیویەتی» بە شێوەی «نووسیویەسی» دەبێژرێت؛ وەکوو: «... ئەرێ بەچکە شاری! تۆ بۆچ ئەمەندە بێفەڕی؟! ئاخر **نایێژی** وە بێ تیفتیفە خوا چۆن **قەوڵیەسی**؟!» (هەمان: ١٠٣/١)؛ واتە «خوا چۆن قەبووڵیەتی؟». یا وەکوو: «... ئەویش ئەیوت: بۆچی جمێن ئەدەن؟ مێوژم فرۆشتگە وە خاڵە ئەحمەد، پارەکەی **نەداگمەسێ**؛ دوێنێ هاتم شەروەتێکی دامێ – وە قوزەڵقۆرتم وێ-... هەمانەکەشی لێ **گلداگمەسەوە**...» (هەمان: ٨٩/٤)؛ بە گشتی لەم شێوەزارەدا پیتی «س» لە هەندێ کردار و حاڵەتی گەردانی بڕێ کرداردا دەنیشێتە جێی «ت»؛ لە چەشنی «نەداگمەسێ» لە جێی «نەداومەتێ» و «گلداگمەسەوە» لە جێی «گلداگمەتەوە».یا وەکوو:«پیاوێک هەبوو عەلی مامەیان پێ ئەوت خەڵکی ئەو وڵاتی خانەقینە و دەروێشی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شێخ بوو؛ کە سەیری کرد عالەم شپرزەن بۆ باران، سەری بەرز کردەوە و وتی: ئەرێ خوا! **وەقوروانیوم**، بۆچ خۆت نەتئەزانی **ئەیە** بەشی گەرەکە؛ هاتی لە هەوەڵەوە چی **هەوو نەوو** لە خەزێنەکەتا گشتت **وەم لا** و **وەو** لادا پرژاند و ئەوا ئێستە **وە** دەس **حاڵەمەکەوە** داماگی، هەر چەن ئێژن **وە** قوروانت **وم** چۆڕێ باران، تۆ هەر **جواویشیان** نادەیتەوە؟ ئەمە کار بوو تۆ کردت؟» (سەجادی، ٢٠١٥: ١٣٠/٤). تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەش لە گوێنی ئەردەڵانی و زۆرتر برێتییە لە جێگۆڕکێی «ب» و «و»؛ «و/وو» بۆ «گ»؛ هاوبەشییەکیش لە نێو ئەم شێوەزارە و هەندێ تایبەتمەندیی نێو هەولێر و سەردەشتی و خۆشناوەتییدا لە بێژەکردنی «ح» لە جێی «ع» و «هـ» بەدیدەکرێ.

## ٢-٤-٧- موکریانی

شێوەزاری موکریانی لە ڕاستیدا وەکوو یەکێ لە ژێرلقەکانی کرمانجیی ناوەڕاست، لە ڕشتەی مرواریدا دەبینرێت و هەندێ ئەدگاری ئەم شێوەزارە تۆمار کراوە. بۆ نموونە: «کابرایەک ... هەبوو **عەمەدی** وەتمانی ناو بوو. لێیان پرسی: ئەرێ مام **عەمەد**، مام بایز لە لایەن دین و دیانەتەوە چۆن پیاوێکە؟ وتی: بە خودای بابم، خودای لێم هەڵناگرێ، دیومە **ڕۆژووان** بخوا، بەڵام نەمدیوە **نوێژان** بکا!» (هەمان: ٤٧/٥). هاتنی «خودای»، «ڕۆژووان» و «نوێژان» بە ساختی کۆ لە ئەدگارەکانی شێوەزاری موکریانییە.

## ٢-٥. کرمانجیی سەروو

بە پێی پشکنین و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی *ڕشتەی مرواری* دەتوانین بڵێین کە کرمانجیی سەروو کەمترین دەرکەوتەی بووە لەم کتێبەدا. بەڵام بە هەر حاڵ چەند نموونەیەکی لێ دەبینین؛ وەکوو:«... لە بەرزان هەندێ کەس هەڵئەپەڕین؛ مەلایەکیش چوو سەرچۆپییەکەی لە دەست وەرگرتن؛ خەڵکەکە وتیان: ئەزبەنی ئەم فەلەهین!؟ تۆ بۆچی داوەتێ لگەل مە تکێ؟ مەلا وتی: هوون فەلەهن ئەژک قەشێ وە! وان گوتن: ئەزبەنی چ دبێژی؟ تۆ پێغەمبەری مەیی، نە قەشەیی. گوت: ئەز نشێم شەفاعەتا وا حەما بکەم، ئەز قەشەمە! وتیان: ئەزبەنی حو دبێژی ئەز پێغەمبەرم، تۆ چەقان پێغەمبەر نێ؟!...» (سەجادی، ٢٠١٥: ١٦/٢). (بۆ نموونەی تری لەم چەشنە بڕوانە: هەمان: ٤٥/٥). «مەلا فەتحوڵڵای هەرتەل لە گوندی بێتواتە ئەگەڕێتەوە بۆ گوندی هەرتەل. لە ڕێگادا تووشی شوانێک ئەبێ لێی ئەپرسێ: مام شوان پەزێ تە چەندن؟ ئەڵێ: مامۆستا ئەپێنجن. ئەڵێ: ئەچەند مێنە، ئەچەند نێرن؟ ئەڵێ: مامۆستا دوو ئەنێرن، سێ ئەنێرن. ئەڵێ: ما ناری هەر پێنج نێرن؟ ئەڵێ: مامۆستا ئاخر من وەکوو تە سەفێح نیمە. ئەڵێ: لەپکەت زمان کەوێ ئەری زارت لە زیانی دانینە!» (هەمان: ٣٤/٤)؛ بەکارهاتنی جێناوی «تە» لە بری «تۆ»، دەنگیلەی سەرە «ە» لە لێکدراوی وەکوو «ئەچەند مێنە» و وشەی «ما» لە واتای «بۆچی» لە تایبەتمەندییەکانی ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شێوەزارەیە کە لەم گێڕانەوەیەدا دەرکەوتووە.هەروەها وەکوو: «... کوڕێکیان ئەڵێ: سە بۆ من بابە بۆ تە» (هەمان: ٦٦/٦).

**٢-٦. کرمانجیی خواروو**

زاری کرمانجیی خوارووش لە *ڕشتەی مرواری*دا چەند گەواهێکی بۆ خۆی هەیە. یەکێ لەم نموونانە بە شێوەزاری کەڵهوڕی هاتووە. ئەویش خاڵێکی سەرنجڕاکێشی لە خۆیا ڕاگرتووە؛ ئەوەی کە بەندێک لە نێو گێڕانەوەکەدایە، ئەو بەندە بەم شێوەزارە هاتووە: «ژنێکی کورد منداڵێکی کۆرپەی هەبوو، هەڵێئەپەڕاند و ئەم بەیتانەی بە سەرا هەڵئەدا: خوا بیدا نیازم/حەو **ژنەڕات** بخوازم/یەکی تورکی تەماشا/یەکێکی داودپاشا/یەکێ **ڕایسەر** سینە/یەکێ **ڕای** پەڕۆ پینە/یەکێکی **ڕای** دەرکۆڵێن» (هەمان: ١٤٦/٥). ئەم نموونەیە دەکرێ لە ژێر ناونیشانی زاری «گۆرانی»شدا پۆلێنبەندیی بکەین. بەتایبەت کە لە بەیتێکیدا هاتووە: «یەکێکی **پەی** تیکە گلین/یەکێکیش ڕای چڵمەڵقوڕین» (هەمان). لەم چەند بەیتە فۆلکلۆرەدا کە دەتوانین بڵێین بە شێوەرزارێکی تێکەڵ تۆمار کراوە، «ڕا» بە واتای «بۆ»، نەهاتنی «ی» لەپاڵ‌خستن لە «سەر سینە» لە جێی «سەری سینە» گرنگترین ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لە دوو توێی حیکایەتێکی تردا کە لە شاری کرماشان ڕووی‌داوە، گێڕانەوەیەکی کورتی کەڵهوڕیی تۆمار کردووە: «ڕا وا کەی؟» (هەمان: ١٣٤/٤)، واتە: «بۆ وا دەکەی؟». هەروەها: «خەلیل ژنەکەی هەر **دویتئەهاورد** تا **بیووە** هەشت. کاورا لە گیان خوەی عاجباتی هات؛ **ژنەی** تەڵاق دا و **دوتێکی** تری **هاورد**. **ئەی** کەشە ماشەڵڵا **ئەیە** دوو دوو **دوت** ئەهاورد؛ بە گشتی کار خواس ئەیەم **نییەوود** دەس لە کار خوا با» (هەمان: ١٣١/٤). لەم گێڕانەوەیەدا هاتنی «دویت» لە جێی «کچ»، «ژنەی» لە جێی «ژنەکەی»، «نییەوود» لە جێی «نابێ» لە ئەدگارەکانی شێوەزاری کەڵوڕین و هەندێ تایبەتمەندیی تری وەکوو «ئەهاورد» لە جێی «دەهێنا» و «س» لە «کار خواس»دا لەگەڵ ئەردەڵانیدا هاوبەشە.هەروەها وەکوو: «دەروێشی کەڵوڕ لەو کوردەوارییە بە گوندەکانا ئەسووڕێنەوە... بە دەم دەف‌لێدانەوە گوایە زیکر ئەکەن، ئەڵێن: هۆ عەباس! تەیرێ مەیرێ کاینات! هۆ دایە گەورە ئەمە بە دەرکی گونات، چیزێ میزێ ڕای دەروێش بنێرە!» (هەمان: ٧٣/٦). لەم بەشەدا بەس «چیزێ میزێ» و «ڕا» بە واتای «بۆ» نیشانەی شێوەزاری کرمانجیی خوارووە.

«... دوکتور تووڕە بوو وتی: کاورا! تو هیچ شەرم ناکەی؟! من **یەی** سەعات ... **وازیکردم** چوار قڕان **وە پێم دەی**؟» (هەمان: ٧١/٦). لە نیشانەکانی کرمانجیی خواروو لەم قسەیەدا «یەی» لە جێی «یەک»، «وازی» لە جێی «بازی» و «وە پێم دەی» لە جێی «پێم دەدەی» دەبینرێت.هەروەها وەکوو: «... ئەی قەرە ئەو کارە مەکە، لەو دنیا ڕای جواو وە زەحمەت کەفی...» (هەمان: ٦٣/٦). ئەو بەشانەی دیاری کراون بە ڕاشکاوی ئەدگاری شێوەزاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کرمانجیی خوارووبان پێوەیە. یا لە چەشنی:«... ناچار دۆسە بە دایکەکەی (دایکی مناڵەکەی) وت: هەستە نان و چایەک **ڕایئەیداڵکخیزە** بکە. ئەمجا لە بەر خۆیەوە ئەیوت: من لە **کوو** هووهوو لە کووا لک لە کوو ڕەوزە لە کووا دەسا داوو هەقم لە خوا **بسەنیڕای** ئەی کەتنە!» (هەمان: ٢٧/٧)؛ دیسان «ڕا» لە جێی «بۆ»، «داڵک» لە جێی «دایک»، «کوو» لە جێی «کوێ»، «بسەنی» لە جێی «بسێنی» لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوەزارەیە.

### ٢-٧. هەورامی

کەسایەتی و خەڵکی هەورامیش لە *ڕشتەی مرواری*دا ئامادەییان هەیە؛ وەکوو: «کابرایەکی هەورامی وتی: هەنی فرەم واردەن. کابرای هاوڕێی وتی: کۆگە یانەت وێران بۆ؟ وتی: جە ماڵوو سانی؛ سان جەباڵەخانەیەکی مەواردش تویکڵەکەش فڕێ مەدا، زۆرابوو خزمەتکاری مەکڕانەوە، منیچ کڕناوکڕناوم کەردەن!» (هەمان: ٦١/١). شێوەی دەرکەوتنی کردارەکان وەکوو «واردەن» و هەندێ وشەی تایبەتیی هەورامی وەکوو «جە» لە جێی «لە»، «وو» لە جێی «ی» ئیزافە و بەتایبەت پاتبوونەوەی وشە بۆ جەختی زیاتر (لە «کڕناوکڕناوم»دا) لە تایبەتمەندییەکانی هەورامییە کە لەم گێڕانەوەیەدا دەرکەوتووە. بە گشتی لە *ڕشتەی مرواری*دا ئەوی دەرکەوتەی هەورامییە، لە سەرەتای گێڕانەوەکەیەوە ئاماژە بە «کابرا» یا «پیاو» یا «کەس»ێکی «هەورامی» دەکرێ. وەک لەو نموونەی سەرەوە و لە نموونەیەکی تردا دەڵێ: «کابرایەکی هەورامی لە شوێنێک دانیشتبوو، ...» (هەمان: ١٤٤/٣). ئینجا دەمەڕاوێژ و زارەکەشی وەک خۆی گواستۆتەوە: «ئێستا بابەتیی خاس ئەمەنەن، من باوکم خواش بیامەرزۆ کراسێکیش جە متقاڵش کەردەن ...» (هەمان)؛ «بیامەرزۆ» لە چەشنی «بیامەرزێ: بیبەخشێ»، «جە» و «کەردەن» لە ئەدگارەکانی هەورامین. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەیە کە عەلائەدین سەجادی یا ئەو کەسەی گێڕاویەتەوە، گۆڕانێکی بە سەریدا هێناوە و «باوک»ی لە جێی «تاتە» و «کراس»ی لە جێی «گجی» داناوە. (هەروەها بۆ هەورامی: ٤٩/٥، ٤٥/٥، ٣٧/٥).

### ٢-٨. گۆرانی

زاری گۆرانی وەکوو یەکێ لە مەزنترین و بەربڵاوترین زارە کوردییەکان دێتەئەژمار. خاڵی هاوبەشی نێوان هەورامی و کەڵوڕی و لقەکان تری کرمانجیی خواروو لە گۆرانیدا کۆدەبنەوە. وەکوو: «... ئەگەر مەواچۆ چێش مەوانی....» (هەمان: ٦٦/٦). لە گۆشەنیگایەکی ترەوە دەکرێ لە گەڵ کرمانجیی خوارووا پێکەوە باس بکرێن.

### ٢-٩. هەندێ شێوەزاری عەشرەت و هۆزەکان

لە نێو شێوەزارە کوردییەکاندا هەندێ هۆز و عەشرەت هەن کە لە چەند خاڵێکی دیاریکراودا دەمەڕاوێژێکی تایبەت دەنوێنن. لە ڕشتەی مرواریدا بە چەندان نموونەی لەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چەشنە بەر چاو دەکەوێت. وەکوو کەسێکی خۆشناوەتی کە لە باسی خوێندندا دەڵێ: «هەر **دەخینم**، هەر **دەخینم** تا دەگەمە شەرحی**حەقیدان**، چم زانی، زانی، چم نەزانی دەگەڕێمەوە سەر **حەواملان**. دیسان هەر **دەخینم** هەر **دەخینم** تا ....» (هەمان: ٢٧/٥)؛ شێوەی تایبەتیی بێژەکردنی «خوێندن» لەم زارەدا و جێگۆڕکێی «ح» و «ع» لە ئەدگارەکانێتی. دیسان خۆشناوەتییەک دەڵێ: «کابرا (ی خۆشناوەتی) زۆر بەمە دڵی خۆش بوو، وتی: ئەی لە **حەمری** منت کەوێ ئەوەتە دە با بچین» (هەمان: ١١٧/٤). شێوە ئاخاوتنی ناوچەی سیوەیلیش لەم بەرهەمەدا دەرکەوتووە: «... ئەویش ئەڵێ: دە چاکە بە قوربانی **حەمرێت** بم، یا ڕەبی **حەمرت** درێژ بێ و خوا **حەفوت** بکا!» (هەمان: ١٢١/٦)؛ دیارە ئەمانە نێزیکن پێکەوە. یا لە چەشنی:«کابرایەکی (گەڕووسی)ی تلیاکی ... ئەیوت: **بەد مەسەو بەوە بیروون، قوریوونت بووم بەوە بیروون**، خوێنم وە ئاوی **کردیبەوە بیروون**،... **ئەپەرسمەت بەوە بیروون**، نماز ڕات **ئەکەم بەوە بیروون**...» (هەمان: ٧١/٦)؛ ئەم شێوەزارەش تا ڕادەیەک لەگەڵ کرمانجیی خواروودا هاوبەشییان هەیە.

### ٢-١٠. ئاستبەندی شێوەزار بە پێی بێژەر

دەربڕین و شێوەی قسەکردن یا نووسین، ئاستی قسەکەر و نووسەر پیشان دەدات. ئەم تایبەتمەندییە لە *ڕشتەی مرواری*دا بە جوانی دەرکەوتووە. واتە دوو کەس کە پێکەوە قسە دەکەن، بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و دەربڕینەکانیاندا ئاست و چین و توێژی کۆمەڵایەتییان هەست دەکرێت. وەکوو لە حیکایەتی «بازگەردانی»دا دەبینین کە دوو سەپانی هاوڕێ یەکیان باز بە سەریەوە دەنیشێ و دەبێ بە شا، ئەوی تر هەر بە سەپانی دەمێنێتەوە: «کابرای هاوڕێ پێی وت: برام! تۆ ئێستا پادشای وڵاتێکی زلیت، من هەر کابرا سەپانەکەی جارانم» (هەمان: ٥٨/١). لەم دێڕەدا بەکارهێنانی وشەی «زل» ئاستی بێژەرەکە دەنوێنێت.

پوختەی ئەم بابەتە بە شێوازی نوێنە لە ژێرەوەدا دەبینین:



## ٣- ئەنجام:

*ڕشتەی مرواری* بەرهەمێکی گرنگی عەلائەدین سەجادی و تیکڕای ئەدەبی کوردییە. لەم بەرهەمەدا زۆرێک لە شێوەزارە کوردییەکان خاوەنی سیما و دەنگ و ڕەنگی خۆیانن. ئەم شێوەزارانە بە چەندین شێواز و لە چەندین ئاستدا لەم بەرهەمەدا دەرکەوتوون. گرنگترینی ئەم شێوەزارانە کە لە *ڕشتەی مرواری*دا دەقێکیان پێ تۆمار کراوە، بریتین لە: ئەردەڵانی، هەولێری، جافیو شارەزووری، موکریانی، کرمانجیی سەروو، کرمانجیی خواروو، هەورامی و گۆرانی. گشتییەتی بەرهەمەکە بە کرمانجیی ناوەڕاست نووسراوەتەوە؛ ئەم شێوەزارە لە پێشەکی و سەرەتاکاندا، لە نێوەندی گێڕانەوەکان و هەروەها لە پاشەکییەکاندا بە شێوەیەکی سەقامگرتوو دەبینرێت. هەندێ جار نووسەر دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی ئەو شێوەزارەیەوە کە لە گێڕانەوەکاندایە و هەر بۆیە ئەو شوێنانەی کە لە دۆخی ئاساییدا خۆی بە کرمانجیی ناوەڕاست تۆماری دەکرد، بەو شێوەزارە تایبەتە نووسیویەتەوە. زۆرێک لە ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی شێوەزارەکان لەم بەرهەمەدا دەرکەوتووە و تۆمار کراوە؛ وەکوو هاتنی «گ» لە ئەردەڵانیدا لە جێی «و/وو»، «س» لە جافی و شارەزووریدا لە جێی «ت»، «ر» سووک لە هەولێریدا لە جێی «لام»ی قەڵەو. هەروەها لەم بەرهەمەدا بە پێی دەمەوڕاوێژ و شێوەی قسەکردنی کەسایەتییەکان چین و توێژ و تاقمی کۆمەڵایەتیی کەسایەتییەکان دیاریدەکرێت و سیماکانی ئەو تاقم و چین و توێژە دەردەکەوێت. جگە لەمانەش هەندێ شێوەدەربڕین و دەم-وڕاوێژی چەند عەشرەت و هۆزی گەورە وەکوو خۆشناوەتی و سیوەیلی لەم بەرهەمەدا دەرکەوتووە و سیمای خۆیان نواندووە.

## سەرچاوەکان:


- ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٩٩). ڕاسی ناوچەی لەیلاخ. سنە: زانکۆی کوردستان، چاپی یەکەم.
- جندی، حەجیێ؛ عەفدال، ئەمینێ (٢٠٠٨). فۆلکلۆرا کورمانجا. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- حەسەن، حەمەحەسەن (٢٠٠٥). هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- حەسەن، شێرزاد (٢٠٠٥). سەرجەمی بەرهەم، ڕۆمانەکان. بەرگی٢، هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- خەزنەدار، مارف (٢٠٠٦). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی ٧. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٥). ڕشتەی مرواری. ٨ بەرگ. [بێ شوێنی چاپ].
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠٠٠). مێژووی پەخشانی کوردی. هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠١٨). نرخشناسی. سنە: کوردستان، چاپی یەکەم.
- شێخ وەسانی، فەقێ (٢٠١٥). خۆشناو و دۆ و دۆشاو. هەولێر: ئاودێر، چاپی یەکەم.
- عوسمان، ڕەئووف (٢٠١١). ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی. بەغدا: دارالصحافە.
- کۆمەڵەوتاری کۆنفرانسی گەرمیان (٢٠٢١). «ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کورد عەلائەدین سەجادی».
- گەنجەیی، شێرکۆ (٢٠١٦). «کورتەمێژوویەک لەسەر ژیانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی»، ماڵپەڕی «مێژووی کورد».
- هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (٢٠٠٧). چێشتی مجێور. نوویسیار ماجد مەردۆخڕۆحانی. سنە: میهرەگان، چاپی دووهەم.

# جلوه های سیمای گویش های مختلف کردی در کتاب رشته ی مرواری


**چکیده:**

علاءالدین سجادی چونان ستونی نستوه برای ادبیات و فولکلور کردی، با گردآوری کتاب رشتة مرواری، گنجینه ای پربار از زبان، فرهنگ و میراث ملی کردی را فراهم آورد. در این اثر بر مبنای واقعیت دنیای شخصیت ها، رنگ وبو، لحن و سیمای قاطبة مردم کرد بروز یافته است. رشته ی مرواری به مثابة بوستانی است که اغلب طبقات و قشرهای گونه-گون مردم کرد در آن عضوی دارند. مهمترین نشانة این حضور در این اثر در محور ادبیات گویش های کردی نمود یافته است. این جستار با بازخوانی تحلیل گرایانة اثر بر آن است که مبانی و جلوه های این گویش ها و نقش و جایگاهشان در تکوین سیمای کلی ادبیات کردی در کتاب را به بوتة بحث و بررسی بکشد. نتایج پژوهش حاکی از آن است که این اثر شکل و شمایل سالم و دست نخوردة فراوانی از زبان و ادب کردی را در خود محفوظ داشته است. هنر و قدرت آفرینشگری علاءالدین سجادی در تنظیم و آراستن ادیبانة متن های گونه گون آن است.



**کلیدواژه:** *علاءالدین سجادی، رشته ی مرواری، ادب عامه، فولکلور کردی، گویش های کردی.*


## The appearance of different Kurdish dialects in the Reshte-y Merwari


**Abstract:**

AlaaddinSajjadias a pillar of Kurdish literature and folklore, collected a rich treasure trove of Kurdish language, culture, and national heritage by compiling a Reshta-y Merwari.In this work, based on the reality of the world of characters, figures, the tones and images of the Kurdish people have been revealed.It is a garden in which most of the different classes and cortex of Kurdish people are members. The most important sign of this presence in this work is reflected in the literature of Kurdish dialects.This research whit analytical re-reading of the work aims to discuss the principles and effects of these dialects and their role and position in the formation of the general image of Kurdish literature in the book.The results of the research indicate that this work has preserved many lucid and intact forms of Kurdish language and literature.The art and creative power of AlaaddinSajjadi is in the literary arrangement and decoration of its various texts.



**Keywords:** *AlaaddinSajjadi, Reshta-y Merwari,Public literature, Kurdish folklore, Kurdish dialects.*